بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبـان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار
**ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یـــــاسـای ڕێکخستنی مــافی دەسکـــاریی زەوی و زاری کشــــتوکـــاڵی**
**له هــەرێــمی کــــوردستان – عــــــێراق**

**بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە ٢٠٠٨/٣/٣١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

## یــــاســـای ژمــــارە(١)ی ســـاڵی ٢٠٠٨
## یـــاســـای ڕێکخستنی مــــافی دەسکــــاریی زەوی و زاری کشتوکـــاڵی
## لە هـــەرێمی کـــوردســـــتـان – عـێـــــراق

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم :** ئەو جووتیارانەی زەوی کشتوکاڵی بە سەریاندا دابەشکراوە وگرێبەستیان هەیە بە پێی ئەحکامی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی و ئەو یاساو وبڕیـــار و ڕێنماییە کارپێکراوانەی تر لە هەرێمی کوردستان مافی دەسکارییان دەسەلمێندرێت لە سەر ئەو زەوییانە بە مەرجێك بڕیـــاری دابەشکردنەکە پەسەند کرابێت و گرێبەستەکان هێشتا لە کاردا بن و جۆریان(صنفیان)دەبنە صنفی ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی دەسکارییان لەسەرە.

**دووەم :** پێویستە خاوەن مافی دەسکاریی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بەردەوام بێ لە بەکارهێنانی زەوییەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و چاودێری بکات ئەگینا بڕیاری چەسپاندنی مافی دەسکارییەکەی هەڵدەوەشێتەوە گەر خاوەنی ماڤ دەسکاری چاندنی زەویەکەی بەبێ هۆیەکی ڕەوا بۆ ماوەی سێ وەرزی یەك لەدوای یەك بەجێهێشت.

**سێیەم:** گرێبەست لەگەڵ ئەو کەسانەی دەسکاریی زەوی ئەمیریی دەکەن دەکرێ لە غەیری ئەوانەی گرێبەستیان نییە ، ئەگەر مەرجی یـــــاساییان تێدابێت و بێجگە ئەو زەویانە کە تەسوییەیان تەواو نەبووە ، یاخود مافی بەکارهێنانیان نەچەسپاوە .ئەو کەسانە دەبێ بڕی کرێکە بدەن کە کەوتۆنە ئەستۆیان بۆ ئەو ساڵانەی کە بەکردەیی بە کاریان هێناوە و دوای ماوەی سێ ساڵ لەمێژووی ڕێکخستنی گرێبەستەکە مافی دەسکارییان بۆ دەچەسپی.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــوردستان
www.mojkurdistan.com



ئامادە کردنی : علی عبدالـرحمن محمد

**چوارەم:** دوای ئەوەی لیژنە كشتوكاڵییەكان كە بۆ ئەم مەبەستە دادەمەزرین و دڵنیا دەبن لە مەرجە یاساییەكان ، بە بڕیارێك لە وەزیری كشتوكـــاڵەوە زەوی یەكان تۆمار دەكرین بەرامبەر كرێیەكی رەمزی كە دوای دەبێتە بناغەیەك بۆ وەرگرتنی رەسمی یاسایی لە فەرمانگەكانی تاپۆ.

**پێنجەم:** پێویستە فەرمانگەكانی تاپۆ زەوییەكان، بەپێی حوكمەكانی ئەم ماددەیە، بە بڕیاری وەزیری كشتوكاڵ تۆمار بكەن و بەم پێیەش تۆمارەكان هەمواردەكرێن.

**شەشەم:** ئەو رووبەرە زەوییانەی كە دابەش كراون و گرێبەستیان لە سەر كراوە لەو زەویانەی تەرخان كراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی بە دەر دەكرین لە حوكمەكانی ئەم ماددەیە.

### ماددەی دووەم:

مافی دەسكـــاریی نابێ بچەسپێندرێ لە ســـەر رووبەری زەوییەك كە زیـــاتر بێ لە ڕادەی ئەو دابەش كـــردنەی كە لە مـــاددەی شازدەمی یاســـای چاكســـازیی كشتوكالیی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠دا هاتووە.

### ماددەی سێیەم:

**یەكەم:** بەرزترین رادەی مافی دەسكاریی كردن لەو زەوییانەی كراونەتە موڵكی دەوڵەت و ئەو زەوییانەی كراونەتە موڵكی سرف ، بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە هەرێمی كوردستاندا بەم شێوەیە دەبێ:

١– لە زەوی دێمی ( پشت ئاو) (١٠٠٠) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی كە بە هەموو جۆرە بەروبوومێك دادەچێندرێ.

٢– لەزەوی بەرئاو (٢٠٠) دو سەد دۆنم لەو زەویانەی كە بە هۆی ئامێر ئاو دەدرێن (١٥٠) سەدو پەنجا دۆنمیش لەو زەوییانەی بەبێ هۆ ئاو دەدرێن.

**دووەم:** ئەگەر خاوەنی مافی دەسكاریی یاخود خاوەنی زەوی بە موڵك كراو مولكێكی سرفی لە رێگەی میراتەوە دەستكەوت و رووبەرەكەی لەو ڕادەیە زیاتر بوو كە لە بڕگەی ( یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو رووبەرە زیادەی لێ دەسەندرێتەوە و بەناوی دەوڵەت بۆ مەبەستی كشتوكاڵی تۆمار دەكرێ.

**سێیەم:** لەكاتی گۆرینی رێگەی ئاودانی زەوی ، چ خاوەنەكەی بیگۆڕێ یاخود دەوڵەت ، ئەوا خاوەن مافی دەستكارییەكە یاخود خاوەنی زەوییەكە مافی هێشتنەوەی ئەو رادەیەی هەیە كە لەبڕگە(١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

### ماددەی چوارەم:

**یەكەم:** نزمترین ڕادەی ئابووری موڵكـــایەتی زەوی كشتوكـــاڵی یا مـــافی دەسكـــاری كـــردنی تێیدا بەم شێوەیەی خـــوارەوە دەبـــێ:

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان

١– (٢٥) بیست و پێنج دۆنم لە زەوی كشتوكاڵی دەیمی .

٢– (١,٥) یەك دۆنم و نیو لە رەز و باغ.

www.mojkurdistan.com



ئامادە كردنی : علی عبدالـرحمن محمد

٣- (٢,٥) دوو دۆنم و نيو لەو زەويانەی بەراون .

٤- (٥) پێنج دۆنم لەو زەويانەی كەبەهۆی ئامێرەوە ئاودەدرێن .

دووەم: لابردنی شيوع لـــەو رووبەرانە كە لـــەو رووبەرانە كە لە بڕگەی ( يەكەم ) لەم ماددەيەدا هـــاتوون كەمترن دەبەخشـــرين لە ڕەسمی دادوەری.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو كەسەی دەستدرێژی دەكـــاتە سەر زەوی كشتوكـــاڵی هيچ مافێكی ياســـايی بۆ لێناكەويتەوە لەو زەويە.

**ماددەی شەشەم:**

بەدەر لە حـــوكمی بڕگـــەی (شەشەم) لەمــــاددەی يەكــــەمی ئەم ياســـايە و لەحــــالەتی كـــــوژاندنەوەی ئەو زەوييانەی كە حوكمەكــــانی مــــاددەی (يەكەم) دەيــــانگرێتەوە، خــــاوەنەكانيان بـــە ڕێـــــژەی (٣٪)ی ڕووبەری زەوييە كـــوژێنراوەكە قەرەبوو دەكـــرێنەوە و بەموڵكی سرف تۆمـــار دەكرێن و بەنـــاويان فەرزدەكـــرێن لە ڕۆژی دەرچوونی ياسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ (ياسای هەمواركـــردنی يەكـــەمی ياســــای كـــوژاندنەوە و جيــــاكـــردنەوەی زەویوزاری ژمـــارە (٣)ی ســـــاڵی ١٩٩٨)ەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزيری كشتوكاڵ بۆی هەيە ڕێنمايی پێويست بۆ ئاسانكاريی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و لايەنە پەيوەنديدارەكان حوكمەكانی ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی نۆيەم:**

ئەم ياسايە لە ڕۆژی دەرچوونيەوە جێبەجێ دەكرێت و لەڕۆژنـــــامەی فەرمی (وەقـــائعی كــــوردستان) بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

ئـــــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان

ئەم ياسايە لە (٢٦)ی نەورۆزی ٢٧٠٨ی كوردی بەرامبەر (٨)ی ڕەبيعی دووەمی ١٤٢٩ی كۆچی و بەرامبەر (١٥)ی نيسانی ٢٠٠٨ی زايينی لە هەولێر دەرچووە.

www.mojkurdistan.com



ئامادە كردنی : علی عبدالـرحمن محمد

## هۆکـــــاره پێویستیەکـــــانی دەرچواندنی ئـــەم یـــاسایە

دیاره زەوی‌و زار و خـــاك بەشێکـــە لــە ناســـــنامەی هـەموو میللـەتێك و بەخـــــاوەن کـــــردنی زەوی‌وزار بەشێوەیەکـی یاســـــایی لەسەر جوتـــــیار و بەکـــــارهێنەری، خۆشەویســتی هەست و دڵســــۆزی زیـــــاتر دەکـــــات بەرانبــــەر بەخـــــاك و زیـــــاتر کـــــردنی بەرهـــەمی و بەدەرچـــــواندنی ئـــەم یاســـــایەش هـــــانی وەبەرهێنـــەر دەدرێ تـــــا سەرمـــــایەکەی بخـــاتەکـــــار بۆ پـــرۆژەی کشتووکـــــاڵی گـــــەوره و بەکـــــارهێنانی تەکنەلۆجیـــــای نوێ، تا لـــە قـــەیـــرانی کـــــەمی بەرهـەمی نـــــاوخۆ رزگارمـــــان ببێ و تـــــاڕادەیەك ئاســـــایشی خۆراکـــــمان پـــــارێزراو بێـت و لەهەمووشـــــی گـرنگتر پـــــاراستنی ڕووبـەری زەوییـە کشـــــتووکـــــاڵییەکـــــان و بەکـــــارهێنانی بۆ مەبەستی کشـتوکـــــاڵی زەوی گرانبەهـــــا دەبێت و شـــــارەوانیـــش بەره و نـــــاوچە بـــــەردەلان و کەنــــارەکان دەچـــــن بـــۆ نیشـتەجـــێ بـــوون و بەڕادەیـەکی گونجـــــاو قـەرەبووی ئـەو خـــــاوەن زەوییـــــانە دەکـــــرێتەوه کـە بـــــەر کـــــوژاندنەوه کـــــەوتوون، هەمـــــوو ئەمـــــانە هەنگـــــاوی بـــــاش دەبـــــن بـــۆ کـــــەرتی کشـتوکـــــاڵ و ڕێکخستـــــنەوەی زەوی‌وزار، لەبـــــەر ئەم هۆیـــــانە ئەم یاســـــایە دەرچـوێـــــــنــــرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com



ئاماده كردنى : على عبدالـرحمن محمد